


## ئالاتن ئاكتاش
## سەرۆكی ئەنستیوتی كورد لە ئەستەنبوڵ

# " بە یەك ئاماژەی ئاپۆ كە ئێستا لە زیندانی ئیمرالییە ، یەك ملیۆن كورد دێنە سەر شەقام "

**راپۆرتی لڤین - تایبەت**

● بارودۆخی كورد لە باكوری كوردستان لە حاڵەتی ڕاچەنینێكی لەسەرخۆ و گەورەدایە. گشت دامەزراوە كوردییەكانی ئەو وڵاتە لە پاڵ خەباتی چەكداری گەریلاكاندا، تێكۆشانێكی دیبلۆماسی ڕێكوپێك دەكەن بۆ ئەوەی دەوڵەتی توركیا لە بەرامبەر كێشەی كورددا هەڵوەستە پی ٚ بكەن.

ئاڵاتن ئاكتاشی سەرۆكی ئەنستیوتی كورد لە ئەستەنبوڵ لە بارودۆخی كوردی ئەوێ دەدوێت، ئاكتاش دەڵێت "گەلی كورد لە باكور دژ بە سیاسەتی توركیا لە ڕاپەڕیندان. توركیا دەیەوێت كورد ناچاربكات بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی سیاسەتەكانی بن. لە بەرامبەردا ئێمە خەبات دەكەین بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی و مەدەنییەكانی خۆمان. دەمانەوێت لە سەرەتاییەوە تا زانكۆ خوێندن بە زمانی كوردی بێت.. دەمانەوێت لە پەرلەماندا نوێنەری خۆمان هەبێت".

توركیا لەبەردەم دەوڵەتانی یەكێتی ئەوروپادا لەسەر كێشەی‌كورد توشی ساكانێكی گەورە هاتووە. ئەو دەیەوێت ببێتە ئەندامی ئەو یەكێتیە بەو هەموو پێشێلكارییەی دەرحەق بە كێشەی كورد ئەنجامی دەدات و ئەوانیش دەیانەوێت پاش چارەسەری كێشەی كورد ببێتە ئەندامی ئەو یەكێتیە. لەم بارەیەوە سەرۆكی ئەنستیوتی كورد لە ئەستەنبوڵ دەڵێت " هەموو دەزگا كوردییەكان لە باكوری كوردستان دەخوازن كە توركیا ببێتە ئەندامی یەكێتی ئەوروپا. چونكە دەزانین كە ئەمە دەبێتە هۆی چارەسەركردنی كێشەی كورد"..

ئەنستیوتی كورد لە ئەستەنبۆڵ كە یەكێكە لە دامەزراوە گەورە كوردییەكان لە ناوجەرگەی توركیادا. سەرەڕای فشاری دەوڵەتی توركیا چالاكییە فەرهەنگی و مەدەنییەكانی خۆی ئەنجام دەدات، سەرۆكی ئەو دامەزراوەیە خۆی بەم شێوەیە باس لە چالاكیەكانیان دەكات "كاری ئێمە لەسەر زمان و فەرهەنگ و دیرۆك و ئەدەبی كوردییە لەم بوارانەدا كۆرس دەكەینەوە و لێكۆڵینەوەكان لەم بوارانەدا ئەرشیف دەكەین. بۆ نمونە ئێستا ئێمە، دیرۆكی كورد لە دەوڵەتی عوسمانلیدا دەكەینە كتێبێك. هەروەها خەباتی دیبلۆماسی دەكەین، بۆ ناساندنی كێشەی كورد بە وڵاتانی ئەوروپا" لە بەرامبەر چالاكی بەردەوامی كوردەكانی باكوردا، دەوڵەتی توركیا بەتوندی سەركوتی ئەو چالاكییە مەدەنی و سیاسیانەی كوردەكان دەكات سەرۆكی ئەو دامەزراوە كوردییە لەمبارەیەوە دەڵێت "سیاسەتی دەوڵەتی‌توركیا ئاشكرایە لە ڕووی ستراتیژییەوە سیاسەتی گۆڕینی ناسنامەی كوردە و بەردەوام لە ڕێگەی پۆلیس و دامو دەزگا نهێنییەكانیەوە چالاكیەكانمان قەدەغە دەكات. وەشاندن لە باكوری كوردستان ڕۆژی تەنها (4)كاتژمێر هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەی كوردی هەیە. بۆ نمونە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی كوردی لە توركیا لە دوای (15)ی گەلاوێژی ئەمساڵەوە لە توركیا دەردەچێت بەناوی ((ئازادییا وڵات)) ئەمەش تەنها بۆ پروپاگەندەیە كە بڵێن توركیا مافی كوردی داوە" ..

شاری ئەستەنبوڵ كە گەورەترین شاری توركییە لە توركیا، لە هەمان كاتیشدا گەورەترین شاری كوردنشینە لە دونیادا، ڕێژەی كورد لەم شارەدا نزیكەی ((سیٚ تا چوار))ملیۆن كورد دەبێت. ئالاّتن ئاكتاش سەبارەت بەم لایەنە دەڵێت "لە ناو ئەستەنبوڵدا 3–4 ملیۆن كوردی تیایە، ئەو ڕێژەیە زیاتر لە ملیۆن و نیوێك كوردی وڵاتپارێزی تیایە، هەندێك لەمانە ئەكتیڤن و هەندێكیشیان پاسیڤن. هەندێكی تریان زۆر دەترسن لە سیاسەتی توركیا. لە نەورۆزی ئەمساڵدا نزیكەی (200,000) كورد بەشداربوون، ئەو ژمارە زۆرە بۆ سەرهەڵدان هاتبوون"..

لە دەوڵەتی توركیادا، هەرگیز ئەو كوردانەی كە بەخۆیان دەڵێن وڵات پارێز ناگەنە دەسەڵات، سەرۆكی ئەنستیوتی كورد لە ئەستەنبوڵ لەمبارەیەوە سەرنجی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت "كوردێك ئەگەر ئینكاری كوردایەتی خۆی نەكردبێت هەرگیز نابێتە وەزیر، واتە كوردی وڵاتپارێز نابێتە هیچ، بۆ نمونە پارتی هەدەپ كە نزیكەی چوار ملیۆن لایەنگیری هەیە بەڵام ئەم پارتە ناگاتە پەرلەمان چونكە حكومەت ڕێژەی (10٪)ی داناوە بۆ هەر پارتێك بیەوێت بچێتە ناو پەرلەمان" ..كوردەكانی باكوری كوردستان تائێستاش وەك پێشەنگی ڕووناكی شۆڕش و سەرۆك و پێشەوای گەل لە سەرۆكی پەكەكە ((ئاپۆ)) دەڕوانن. مامۆستا ئالاتن ئاكتاش سەرۆكی ئەنستیوتی كورد لە ئەستەنبوڵ دەڵێت "لە باكوری كوردستان –30– ساڵە ڕێنیسانسێكی سیاسی هە یە . ڕوناهی ئەم شۆڕشە عەبدولاّ ئۆج ئالانە. ئەو پێشەنگ و سەرۆكی ئەم شۆڕشەیە. ئێستاش لە زیندانی ئیمراڵی بەئاماژەیەكی ئەو یەك ملیۆن مرۆڤ دێنە سەرشەقام تا هەنوكەش سەرۆكی شۆڕش هەر ئەوە. گەلی كورد تێكڕا ئەوی وەك سەرۆك قبوڵە. هەموو بەشدارانی نەورۆزی ئەمساڵ پێكەوە دروشمی بژی ئاپۆیان دەوتەوە"..